ئۆتۆمبێلێکی قوتابیان وێرگێا و 11 کەسی تێدا بریندار بوون و گەیەندرانە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ئاکرێ

بەیانی ئەمڕۆ لە شەقامی سەرەکی گوندی ئامادی سەر بە ناحیەی دینارتە لە سنووری قەزای ئاکرێ ئۆتۆمبێلێکی قوتابیان وێرگێا و 11 کەسی تێدا بریندار بوون و گەیەندرانە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ئاکرێ.

بە پێی تەندروستی ئاکرێ ڕەوشی قوتابییە بریندارەکان باش نییە و لە ژێر چاودێری پزیشکیدان.

لەم بارەیەوە، بەرپرسی ڕاگەیاندنی تەندروستی ئاکرێ بە میدیاکانی وت: شەفێری و قوتابییەکان تەندروستیان باش نییە و لە ژێر چاودێری پزیشکیدان، قوتابییەکان تەمەنیان لە نێوان 13 بە 18 ساڵیدایە.

وتیشی: "دوو قوتابی بەهۆی سەختی برینەکەیانەوە ڕەوانەی پاریزگای دهۆک کراون و دوو قوتابی دیکەیان نەشتەرگەرییان بە دەکرێت لە ئاکرێ و ئێوانی تریش هەموویان شکانیان هەیە لە سەر و لە قاچ و لە شوینی جەراوجەر لە جەستەیان".